# خەریکە ژینگەی قـــوتابخـــانەکـــان پشتـــگوێ دەخـــرێ

مـنـدالان جیهانێکـی هەسـتیارو تایبەت بەخۆیـان هەیەو جـۆری پەروەردەو پێگەیاندنیشـیان ئەرکـی باوان و حکومەتی وڵاتەکەشـیان قورسـتر دەکات، هـەر ئەو منداڵانەشـن کە بە نەوەی داهاتوو ناسـراون، بۆیە زۆر پێویسـتە بایەخ بە پەروەردەی تەندروسـتیان بدرێ، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا وەک گەنجی بەرهەمهێن سـوودیان بۆ خۆیـان و کۆمەڵگـەش هەبێت.
لـە هەرێمی کوردسـتاندا هاوکات لەگـەڵ ئابڵۆقەکانی بەغدا لە سـەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و بڕینی بودجەو مووچەی کوردسـتان، هەروەها داڵدەدانی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخـۆ و دەرەوەی عێـراق لەلایـەک و تێچووی شـەڕی دژ بـە تیرۆریسـتانی داعش لە لایەکـی دیکـەوە، حکومەتی هەرێمـی ناچارکرد، پەنـا بۆ دواخسـتن و کەمکردنەوەی مووچە بەرێت، هەر بەهۆی قەیرانی داراییشـەوە بەشێک لـە خزمەتگوزارییـەکان پەکـی کەوتـووە، بەتایبەتی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی کە هەندێکیان بە هۆی نەبوونی ئاو هیچ مەرجێکی تەندروستییان تێدا نەماوە، دایکانی ئـەو منداڵانە بە نیگەرانییەوە داوا لـە لایەنی بەرپرس دەکەن، ژینگەی قوتابخانەکان پشـتگوێ نەخەن و کاری بەپەلەی بۆ بکەن.

«ئەمساڵ لەگەڵ دەستپێکی خوێندن کچەکەم کە یەکەم ساڵی خوێندنیەتی، نارەزایی لەپیسیی ئاودەستەکانی قوتابخانە دەردەبڕێت و دەڵێت تەنانەت سەر زەوی ئاودەستەکان ناتوانرێ پێی لەسەر دابنرێت، چەند رۆژێك پێش ئێستا لە رێگەی هاتنەوە بۆ ماڵەوە خۆی پیس کردبوو، ئەوەش کێشەی زۆری بۆ دروست کردووم، کچەکەشمی زۆر بێتاقەت کردووە.» ئەوە قسەی سازان عەلی بوو، ئەو دایکە وەك خۆی ئاماژەی پێکرد ئامادەیە لە رووی مادییەوە هاوکاری قوتابخانەکە بکات بۆ کڕینی ئاو و پاککردنەوەی ئاودەستەکان، وتیشی: «سەردانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم کرد، وتم هەر منداڵێك لە مانگدا با هەزار دینار بدات و ئاو بکڕن، بەڵام ئەو قبووڵی نەکرد و نکۆڵیشی لەوە کرد ك ئاودەستەکان پیس بن، کاتێکیش پێموت وەرە پێکەوە بچین بیبینین، وتی: تۆ رۆژنامەنووسی، یان چاودێری پەروەردەیی؟ کەی بەڕێوەبەر ئەوەندە دەبێت کەمتەرخەم و قسەڕەق بێت؟»
شیراز نادر دایکی قوتابییەکی دیکەیەو هەر لەوبارەیەوە بۆ گوڵان گوتی: «کوڕەکەم لە قوتابخانەیەکە هیچ



مەرجێکی تەندروستی تێدا رەچاو ناکرێت، ئاوی خواردنەوە دابین نەکراوە، ئاو و سابوون بۆ دەستشووشتن هیچ بوونێکی نییە، چووم لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە باسم کرد، ئەویش هۆکارەکەی بۆ نەبوونی بەردەست لە قوتابخانەکەی گەڕاندەوە، لێرەوە داواکارم لەبەڕێوەبەرو مامۆستا بەڕێزەکان ئەوەندەی لەخەمی مووچەو هاتنەسەر شەقامن، با لەخەمی تەندروستیی قوتابییەکاندا بن، نەخۆشی کولێرا کە هۆکارەکەی نەبوونی مەرجەکانی پاکوخاوێنییە بە هەموو دنیادا بڵاوبۆتەوە، با منداڵەکانمان لەناو ئەو هەموو نەهامەتییە تووشی نەخۆشیش نەبن.»

ئاریان عەلی وەك خۆی باسیدەکات دوو کچی لە قۆناخی بنەڕەتی دەخوێنن و ئەویش بە هەمان شێوەی دایکەکانی دیکە نیگەرانیی خۆی لەپیسیی ژینگەی قوتابخانەی منداڵەکانی دەردەبڕێت و دەڵێت: «کچە بچووکەکەم کە پۆلی دووە بەهۆی نەچوونە سەر ئاو و راگرتنی میز تووشی هەوکردنی گورچیلەو میزەڕۆ بووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئاودەستەکان زۆر پیسن و ناتوانن تێیدا دابنیشن».

د. سەرهەنگ قادر، مامۆستایە لەزانکۆی پزیشکی هەولێر، کۆلێژی پەرستاری/ پزیشکی خێزان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بەشی تەندروستی قوتابخانەکان بەرپرسە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی قوتابخانەکان، ئەویش بە چاودێریکردنی رۆژانەو چۆنیەتی خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان و چۆنیەتی رێگریکردن لە هۆکارەکانی نەخۆشی، نموونەی ئەو خواردنانەی لە حانووتی قوتابخانەکان دەفرۆشرێت، بەداخەوە لیژنەیەکی رێکوپێك نییە بۆ بەدواداچوون لەسەر خۆراکەکان لە رووی کۆن بوون و بەسەرچوونیان، وێڕای نالەباری ژینگە کە زۆربەی قوتابخانەکان ژینگەیەکی تەندروستیان نییە، لەلایەکی دیکەوە توالێتەکان زۆر پیسن، قوتابیش هۆشیارییەکی دروستی تەندروستی نییە بۆ راگرتنی پاکوخاوێنی خۆی، یاخود نەبوونی ئاو و سابوونی پێویست لە قوتابخانەکان، تەندروستی منداڵان دەهاتە مەترسییەوە، سەبارەت بە چارەسەریش وتی: «پێویستە هەر قوتابخانەیەك هۆبەیەکی تەندروستیی تایبەت بەخۆی لەناو خودی قوتابخانەکەدا هەبێت و رۆژانە بەدواداچوون بۆ پاکوخاوێنی و پاراستنی تەندروستی قوتابیان بکات، وەکو فریاگوزاری سەرەتایی، بەڵام بەداخەوە ئەم سیستەمە تەنانەت لەناو قوتابخانە نموونەیی و نێودەوڵەتییەکانیش بەدی ناکرێت، دەکرێ خول بۆ مامۆستا بەڕێزەکان بکرێتەوە کە قوتابی چۆن هۆشیاربکرێتەوە لە پاراستنی پاکوخاوێنی خۆی، چونکە رەچاونەکردنی پاکوخاوێنی چەندین نەخۆشی بەدوای خۆیدا دەهێنێت لەوانە سکچوون و رشانەوە و دروستبوونی جۆرێك لە کرمی زیانبەخش، چونکە پاك نەکردنەوەی دەستەکان بە ئاو و سابوون دوای چوونەسەرئاو، وادەکات ئەو میکرۆبەی بە دەستی منداڵەکەوە ماوە، بگوازرێتەوە بۆ ناو دەمی».

لەتیف حوسێن توێژەری کۆمەڵایەتییەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە راستیدا بابەتی پاکوخاوێنی و پاراستنی ژینگە، نەك بۆ قوتابخانەکان، بەڵکو بۆ زۆرێك لە شوێنەکان سەرباری بوونی بایەخی حکومەت و کۆمپانیاو رێکخراوی تایبەت بە ژینگە، بەڵام بەداخەوە وەك پێویست بایەخی پێنەدراوە، ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییشدا هۆشیاری زۆر لەبارەیەوە بڵاودەکرێتەوە.» گوتیشی: «بە باوەڕی من یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ئەم بابەتە نەبۆتە یەکێك لە ئەولەوییەتی کارەکانی حکومەت لەبەر ئەوەی کێشەوگرفتی زۆر لەم وڵاتەدا بوونی هەیە، بۆیە زۆرێك لە قورسایی حکومەت بۆ سێکتەرەکانی دیکە رۆیشتووە. ئەوەی پەیوەست بێت بە پاکوخاوێنی لەناو قوتابخانەکاندا بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی کێشەوگرفتی ئابووری ئەم بابەتە زیاتر قسەوباسی لەبارەوە دەکرێت و بایەخی ئەوتۆی پێنەدراوە، ئەو شوێن و جێگایانەشی کە تایبەتن بە شوێنی ئاوخواردنەوەو ئەوانی تر وەك پێویست پاکوخاوێنی تێدا نییەو گرنگی زۆری پێنادرێت، هەروەها تا رادەیەکیش بابەتی ژینگەو پاکوخاوێنی نەبۆتە بابەتی جێی بایەخی قوتابخانەکان و خۆپاراستنیان .»

لە لای خۆیەوە د. کەژاڵ حامید برایم پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان، جەختی لەوە کردەوە کە گرفتی ئێمە لە سیستەمی پەروەردەکردندایە، زۆربەی منداڵەکان نازانن خۆیان بشۆن و خۆیان پاك بکەنەوە، تەنانەت لە ماڵ و لە قوتابخانەش لای منداڵ نەبووە بە نەریت کە پێش چوونە سەرئاوو دوای هاتنە دەرەوە ئاودەستەکە بشوات و پیسی لەدوای خۆی بەجێنەهێڵێت، هەروەها دوای هاتنە دەرەوە دەستەکانیشی بە ئاو و سابۆن بشوات، ئەگەر ئاو هەبێت، تەنانەت لەم وڵاتەی ئێمەدا گرنگی بە ئاوی خواردنەوە نەدراوەو ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە زۆرپیسەو ئەو ئاوەی لەتانکییەکانی قوتابخانەدان زۆر پیسترە، ئەویش ئەگەر ئاوی تێدا بێت، هەر بۆیە تاوەکو سەردەمی ئەمڕۆش قوتابی بە ناچاری لە ماڵەوە ئاوی خواردنەوە لەگەڵ خۆیدا دەبات، لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە بەهۆی پیسیی ئاودەستەکان قوتابی میزی رابگرێت، ئەوەش زیانی تەندروستی دەبێت و میزەڵدانی تووشی هەوکردن دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر قوتابی بەتایبەت کچان دوای چوونە سەر ئاو خۆیان پاك نەکردەوە، ئەوەش مەترسیدارە، بۆیە بەکارهێنانی دەستەسڕی تەڕ لەم کاتانەدا لە هەموو بژاردەکانی تر باشترە، چونکە کە دەست لە سۆندە و مەسینەی ئاودەست دەدرێت کە پێش ئەو سەدان کەسی دیکە بەکاری هێناوەو دەستی لێداوەو دەیان میکرۆب بە دەستەکانیەوە دەنووسێت و دوور نییە لەکاتی خۆشووشتن بپەڕێتەوە بۆ ناو منداڵدان، پێش هەموو شتێك پێویستە کچەکان فێربکرێن کە چۆن لە ئاودەست خۆیان پاك دەکەنەوە، چونکە جەستەی کچ وەکو کوڕ نییە و نێوان کۆم و ئەندامی زاوزێ زۆر کورتە، بۆیە کوڕان زۆر کەمتر تووشی گرفتی لەمجۆرە دەبنەوە، پێویست دەکات کچان فێربکرێن کە سەرەتا پێشی خۆیان بشۆن ئینجا پشتەوەو لە پێشەوە بۆ پشتەوە خۆیان پاك بکەنەوە، نابێ بە هیچ شێوەیەك لە دواوە بۆ پێشەوە خۆیان بشۆن، چونکە یەك زەرە پیسایی بچێتە ژوورەوە، تووشی هەوکردنی رەحم دەبێت، دەتوانم بڵێم ٧٠٪ هەوکردنی میزڵدان و منداڵدان لەوەوە پەیدا دەبێت».

**رەچاونەکردنی پاکوخاوێنی چەندین نەخۆشی وەک سکچوون و رشانەوە و دروستبوونی جۆرێک لە کرمی زیانبەخش بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

**پێویستە هەر قوتابخانەیەک هۆبەیەکی تەندروستیی تایبەت بەخۆی لەناو خودی قوتابخانەکەدا هەبێت و رۆژانە بەدواداچوون بۆ پاکوخاوێنی و پاراستنی تەندروستی قوتابیان بکات**

**ئەو خواردنانەی لە حانووتی قوتابخانەکان دەفرۆشرێت، بەداخەوە لیژنەیەکی رێکوپێک نییە بۆ بەدواداچوون لەسەر خۆراکەکان لە رووی کۆنبوون و بەسەرچوونیان**

**کچە بچووکەکەم کە پۆلی دووە بەهۆی نەچوونە سەرئاو و راگرتنی میز، تووشی هەوکردنی گورچیلەو میزەڕۆ بووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئاودەستەکان زۆر پیسن و ناتوانن تێیدا دابنیشن**

## لە رۆژی جیهانی خۆیاندا

# خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان داوای ئاوڕلێدانەوەی جددی دەکەن



شەڕی داعش و داڵدەدانی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕ و دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بودجە و مووچە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، هەرێمی کوردستانی تووشی قەیرانێکی گەورەی ئابووری کردووە. ئەوەی بە تەواوی ئەو چینە بێدەرەتانەی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە سیستمی پاشەکەوتکردنی مووچە ئەوانیش دەگرێتەوە. هاوکات خوازیارن لە رۆژی جیهانی کەمئەندامانندا مافەکانیان بدرێت و وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی لە کۆمەڵگە هەژمار بکرێن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

کۆمەڵەی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٢ رۆژی ٣ی دیسەمبەری وەکو رۆژی جیهانی کەمئەندامان دیاری کرد و لە ئێستاشدا زیاتر لە یەك ملیارد کەس لە کۆی دانیشتووانی جیهان بەهۆی کێشەی سیستەمی دەروونی، مێشك و بەشێکی جەستەوە بە کەمئەندام هەژمار دەکرێن. لە هەرێمی کوردستانیش یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکرا، زۆربەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانیش رایانوایە کە لە یاساکەدا چەند بڕگە و ماددەیەکی لە بەرژەوەندی ئەوان تێدا بووە، بەتایبەت لە پرسی زیادکردنی مووچە و دابینکردنی پێداویستی و چارەسەری تەندرووستییان، بەڵام گلەییشیان لەوە هەیە کە یاساکە جێبەجێ ناکرێت. سەرەڕای ئەوەش بەپێی ئامارەکان کۆی گشتی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان ١١٠٣٣٧ کەسن و زۆرترین رێژەشی لە هەولێرە کە زیاتر لە ٤٠ هەزار خاوەن پێداویستی تایبەت لەخۆ دەگرێ، ٢٢٤٩٦ کەسیشیان ئافرەتن.

«ئێمە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی زیاد کردنی مووچە و خەرجکردنی مووچەی بەخێوکەر بووین، کەچی کەمکردنەوەی مووچەشی هاتە سەر و نیگەرانییەکی زۆری بۆ دروستکردووین.» ئەوە قسەی (جوان جەمال) بوو. ئەو دایکی چوار منداڵە و تاکە داهاتیان مووچەی کەمئەندامێتی هاوسەرەکەیەتی و لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم نەخۆشی دەروونی هەیە، ناتوانم لە ماڵەوە بەجێی بهێڵم و کارێك بکەم، منداڵەکانیشم هەر چواریان دەخوێنن، ئەگەر یارمەتی و قاپە شیوی دراوسێکان نەبووایە، لە مێژ بوو لە

برسان مردبووین، لێرەوە داواکارم مافی کەمئەندامان بدرێت و چیدیکە کۆمەڵگە بە چاوی بە زەیی لێیان نەڕوانێت و چیتریش خێر و سەدەقەیان پێ نەکرێت».

ڕێبوار عەبدلعەزیز فەرمانبەر لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، وەك هەر کەمئەندامێك لەرۆژی جیهانی خۆیدا ئاواتی گەیشتن بە مافەکانی خۆی هەیە و لەمبارەیەوە بۆ گوڵان گوتی: «دواکەوتنی مووچەکانمان کاریگەرییەکی زۆر خراپی لە سەر ژیانی ڕۆژانەمان کردووە، چونکە زۆرینەی کەمئەندامان خێزاندارن و ئەو مووچەیە تاکە داهات و قوتی ڕۆژانەی خێزانەکانیانە، بۆیە وەکو کەمئەندامێك داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێك لە ژیان و گوزەرانی ئێمە بداتەوە و چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین مووچەی هیچ ئەندامێك ببڕدرێت، وەکو ئەوەی ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان مووچەی ئەوانەی ڕێژەی کەمئەندامییەکەیان ٥٠٪ ببڕن و تەنیا ئەوانە مووچەکەنیان وەربگرن کە ڕێژەی کەمئەندامێتیان لە ٥٥٪ بەرەو ژوورە، لەلایەکی دیکەوە پاشەکەوتکردنی مووچەکانمانەو تا سەر ئێسقان لە دژی ئەوەداین، لە کاتێکدا بە سەدان فەرمانبەری بن دیوار هەیە، سەدان کەس بە پلەی نەقیب و عەقید خانەنشین کراون، کە مووچەی هەر یەکێکیان بەشی مووچەی ١٠ کەمئەندام دەکات، لە کاتێکدا کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان وەك نوێنەری راستەقینەی ئێمە بەردەوام لە هەوڵدان، بەڵام ئێمە پشتگوێ خراوین.»

هەر سەبارەت بەم پرسە سەرکەوت نانەکەلی سەرۆکی کۆمەڵەی پەرەپێدان بە تواناکانی لاوانی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەوانیش هاوشێوەی کۆمەڵە و ڕێکخراوە مافپارێزەکانی تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان داکۆکی دەکەن لە لاوان و فوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت، گوتیشی: «بەشداریمان لە چەندین کۆبونەوەی فراوان کردووە لەگەڵ جەنابی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی دانانی ڕێگەچارەیەك لەمەڕ دابینکردنی ئەو بڕە هاوکارییەی کە دەدرێتە کەمئەندامان و پێداگر بووین لەسەر ئەوەی بە هیج شێوەیەك هەوڵی کەمکردنەوەی نەدرێت، چونکە ئەو بڕە پارەیەی بە خاوەن پێداویستی تایبەت دەدرێت، هاوکارییە، نەك مووچە، لە کاتێکدا لە یاسای ژمارە ٢٢ی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١١ ئاماژە بەوە کراوە کەوا کەمترین مووچە بە یاسا ٢٥٠ تا ٥٠٠ هەزار دینار بێت نەك ١٠٠ تا ١٥٠ هەزار دینار کە ئەوەش بە تەواوی نەدراوە، ئەوەشمان راگەیاندووە دەبێت پەلە بکرێ لە دابینکردنی ئەو بڕە هاوکارییە، چونکە کەمئەندامان هیچ داهاتێکیان بۆ بژێوی ڕۆژانەیان نییە، تەنانەت بێزاربوون لە بەڵێن و قەولی بێ ئەنجام، هەروەها ژمارەی زۆری کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان گرفتێکی گەورەی کەمئەندامانە و لە ئێستادا داوامان لێکراوە لە کۆی ١١٠ هەزار کەمئەندام لیستی مووچە بۆ ٦٠ هەزار کەمئەندام ئامادە بکەین، ئینجا ئەوان دەتوانن ئەو بڕە پارەیە ئامادە بکەن، بەپێی زانیارییەکانی خۆمان لە کۆی ئەو ژمارەیە زیاتر لە ٢٥ هەزار کەس تەزویری کەمئەندامییان کردووەو وەك کەسانێکی ساغ و تەندروست مووچەی کەمئەندامێتی وەردەگرن، تەنانەت بەشێکی زۆری کەمئەندامانی سەنگەر لە هەردوولا پارە وەردەگرن، بۆیە پێویستیمان بە لیژنەیەکی متمانەپێکراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتە هەیە.»

سەرۆکی کۆمەڵەی پەرەپێدان بە تواناکانی لاوانی کوردستان بە پێویستی دەزانێت «حکومەت و لایەنە پێوەندیدارەکان ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە لە رابردوودا کەمئەندامان دەهاتنە سەر شەقام مانیان دەگرت، ئەوکات حکومەت هیچ کیشەیەکی نەبوو، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ حکومەت کێشەی دارایی هەیە و هیچ کەمئەندامێکیش بۆ نارەزایەتی دەربڕین، لە شەقام نابیندرێ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کەوا کەمئەندامانیش هەست بەو بەرپرسیارێتییە دەکەن و بە ئەرکێکی نیشتمانی دەزانن، هەمیشە هەوڵیانداوە بارودۆخەکە بە ئاسایی تێپەڕێت و بەرگەی هەموو سەختییەکیان گرتووە.»، گوتیشی: «دواکەوتنی ئەو هاوکارییە بارودۆخی دەروونیی ئەو توێژە و کەسوکاریانی نالەبار کردووە، کەمئەندام هەبووە وەفاتی کرد، تەنانەت پارەی دەرزییەکیشی نەبووە».

لەلای خۆیەوە د. هۆگر غەریب خۆشناو بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی، بە گوڵان-ی راگەیاند: «وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دژی دەستکاریکردن و دەستبردن بۆ مووچەی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بوو، بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون دروستکردووە و سەردانی وەزارەتیان کرد، بڕیار درا دەستکاری مووچەی پێداویستی تایبەتییەکان نەکرێت.» گوتیشی: «وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو بڕە کەمە هاوکارییەی کە بە ناوی مووچەوە دەدرێت بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، مانگانە لەکاتی خۆی بدرێت، بەڵام بەداخەوە لەلایەن هەندێك میدیای لۆکاڵییەوە وەزارەتمان تۆمەتبار دەکەن کە کەمتەرخەمە لەدابەشکردنی مووچە. لێرەوە بۆ هەموولایەکی روون دەکەینەوە کە جەنابی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بە لێژنە تایبەتمەندەکانی ئەنجومەنی وەزیران و لێژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی راگەیاندووە کە وەك وەزارەت لەگەڵ کەمکردنەوەی مووچە و دواکەوتن و بڕینی مووچەی هیچ کەمئەندامێك نین و ئەگەر هەر هەوڵێکی چاکسازیش بدرێت، ئێمە پشتیوانی لێدەکەین و پێویست دەکات مووچەکانیان لە کاتی خۆی دابەش بکرێت و لە ڕێگای دروستکردنی لێژنەی تایبەتمەندی وەزارەتەکانی کار و تەندروستی جارێکی دیکە لێژنە بۆ ئەو کەسانە دروست بکرێت کە کاتی خۆی بەدەر لە یاسا و ڕێنماییەکان مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە. جەنابی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتیش بەو بڕە پارەیەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دابینکراوە بێ وەرگرتنی رای وەزارەتمان ڕەزامەند نەبووە، چونکە دەبێتە هۆی بڕینی مووچەی ژمارەیەکی زۆری کەمئەندام».

**هاوسەرەکەم نەخۆشی دەروونی هەیە، ناتوانم لە ماڵەوە بەجێی بهێڵم و کارێک بکەم، منداڵەکانیشم هەر چواریان دەخوێنن**

**لە کاتێکدا کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان وەک نوێنەری ڕاستەقینەی ئێمە بەردەوام لە هەوڵدان، بەڵام هەموو مووچەکەی ئێمە بەشی خەرجی خوێندنی منداڵێکمان ناکات**

**وەزارەتی کار لەگەڵ کەمکردنەوەی مووچە و دواکەوتن و بڕینی مووچەی هیچ کەمئەندامێک نین و ئەگەر هەر هەوڵێکی چاکسازییش بدرێت، ئێمە پشتیوانی لێدەکەین**

## قوربانییەکی خیانەتی هاوسەری:

# خوای گەورە منداڵی پێنەداین، دەنا منداڵەکانیشمان بەئاگری ئەو خیانەتە دەسووتان

(شاناز ف)، ئەندازیارێکی ئافرەتەو خۆی بە قوربانییەکی دەستی خیانەتی هاوسەری دەزانێت و بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە: «دوای تەواوکردنی کۆلێژی ئەندازیاری هەلم بۆ رەخساو لە یەکێك لە دەزگاکانی حکومەت دامەزرام، بەهۆی چالاکی و لێهاتوویی و کارکردنی بەردەوامم، دوای ساڵێك کرام بە سەرۆکی بەشێك لە فەرمانگەکەم، ئەمەش زیاتر بووە هۆی ئەوەی کاری زۆرترم بۆ بێتەپێش، وەك سەفەرکردن و ئیفاد بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی بەشداریکردن لە خول و وۆرك شۆب هەر وەکو فەرمانبەرانی دیکە، هەر لەو کات و ساتەدا خوازبێنیم زۆر بوو، منیش کەوتبوومە دوودڵی و ڕاڕاییەوە، چونکە پێنج کەسیان سووربوون و چەند جار داوای هاوسەرگیرییان لێکردم. منیش بیرم دەکردەوە، ئەوەی لە بیروبۆچوونەکان و پیشەکەم نزیکە، ئەو هەڵبژێرم، بەڵام کاتێك ئامۆزاکەم داوای کردم، بەڕاستی ئەوم لە هەموویان بە باشتر زانی، چونکە لانیکەم شارەزای رەوشت و هەڵسوکەوتی بووم، گەرچی دەرچووی زانکۆ نەبوو، خەریکی کارکردن بوو، بەڵام کوڕێکی جوان و سەرنجڕاکیش بوو، کەسایەتی شاهۆ هەندێك ئاڵۆز بوو، زۆر خۆشەویست نەبوو لەناو خەڵك و تا بەتەواوی لێی نزیك نەبایتەوە، بەچاکی نەتدەناسی. لەگەڵ ئەوەشدا کەمێك دڵپیس بوو، نەك بەو رادەیەی کە هەموو کات چاودێریم بکات، یان رێگر بێ لە چوونم بۆ دەرەوەی وڵات. بەهۆی سەرقاڵبوون و کارکردنی بەردەوام لە فەرمانگە ناچار بووم کەمتر بتوانم خزمەتی هاوسەرەکەم بکەم، ئەویش زۆرجار گلەیی لێدەکردم و دەیگوت: تۆ وەك ژنی خەڵکی نیت، بەردەوام سەرقاڵی کاری دەرەوەی، ناتوانی بەچاکی خزمەتی من و میوانەکانم بکەیت. بەڕاستی ئەم قسانەشی دڵتەنگی دەکردم، هەر بۆیە بڕیارم دا ژنێك بە مووچە بێنم تا لە ماڵەوە هاوکاریم بکات. پرسم بە هاوسەرەکەم کرد، ئەویش گوتی: زۆر چاکە، ئەگەر متمانەی تەواوت پێی هەیە، خراپ نییە. دوای دوو رۆژ ژنەکە هاتە ماڵەوەو خەریکی کاروباری رۆژانەو ئامادەکردنی خواردن بوو. من و شاهۆ زۆر لێی رازی بووین، بەمەش هەندێك لە کاتەکانم بۆ گەڕایەوە و دەمتوانی خواستەکانی هاوسەرەکەم جێبەجێ بکەم. ئەو ژنە بۆ ماوەی ساڵێك بەم شێوەیە کاری بۆ کردین، بەڵام بەهۆی خراپی تەندروستی و تەمەنی زۆری نەیتوانی بەردەوام بێت، رۆژێکیان گوتی: ئەگەر رازی بیت، سودابەی کچم دەنێرم، منیش زوو وەڵامم نەداوە، بەڵام هەر چونێك بوو نازانم بۆچی رازی بووم. ئیتر رۆژانە کە دەهاتمەوە لەدەوام ماڵەکەم زیاتر پاك و خاوێن بوو، ئەویش وەك دایکی خواردنی زۆر خۆشی ئامادە دەکرد، بەڵام ئەوەی ببووە




گوڵان: کۆمەڵایەتی

جێگەی گومانم، ئەوە بوو کە شاهۆی هاوسەرم رۆژانە زۆر پێش من لەماڵەوە بوو، کەچی پێشتر وا نەبوو، هەستم کرد گرینگی بە سودابە دەدات و مەیلی بۆ لای ئەو چووە، تا کار گەیشتە ئەو رادەیەی لەسەر مێزی نانخواردن دادەنیشت و لەگەڵمان نانی دەخوارد. ئەو هەڵسوکەوتەی سودابە جێگەی سەرسوڕمان بوو، چونکە شاهۆی هاوسەرم پێشتر کەسێکی زۆر دوورەپەرێزو بێدەنگ بوو، بەلامەوە سەیربوو لەگەڵ سودابە قسەی خۆش و گاڵتەی دەکرد، لە دوای نانخواردنیش بەیەکەوە دادەنیشتن. رۆژانە سودابە کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ دەڕۆیشتەوە، بەڵام ماوەیەك بوو تا دوای عەسر دەمایەوە، بۆیە رۆژێك پێمگوت: کاتی خۆت تا دووی دوانیوەڕۆیەو ئەو کاتە من لەماڵم و کارەکانی تر خۆم دەیکەم. پێویست ناکات بمێنیتەوە، بڕۆ خزمەتی دایکت بکە، چونکە نەخۆشە و پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی تۆ هەیە. سودابە زۆر بایەخی بە شاهۆ دەدا، بەتایبەت جلەکانیشی بۆ دەشوشت و ئوتۆی دەکرد، بەمەش گومانێکی گەورە دروست بوو لەناخم و لەناچاری لای شاهۆ باسم کرد، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: گومان لە هیچ مەکە، سودابە تەنیا پاکوخاوێن و رێکوپێکەو جگە لەوە بۆ من هیچی تر نییە. تا رادەیەك باوەڕم کرد. بەهەر حاڵ دوای ماوەیەك سەفەرکردنی دەرەوەم هاتەپێش، بەڵام ئەوەی مێشکی هەژاندم، ژنێکی دراوسێمان بوو، رۆژێك هاتە ماڵم بۆ پێداویستییەك و گوتی: شاناز ئاگاداری ماڵی خۆت بە، کاتێك لە ماڵ نیت، مەبەستم ئەو کچەی لاتانە. گوتم: بۆ چیەتی؟ ئەویش گوتی: کاتێك تۆ دەڕۆیتە دەوام، کوڕێك دێتەلای ئەو کچەو تا نیوەڕۆ لەگەڵی دەمێنێتەوە، خوا بزانێ چی دەکەن! ئاخێکم هەڵکێشا و گوتم: بەهۆی دایکیەوە متمانەم پێکردو ماڵم دادەستی، ئێستاش بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات. نەمزانی بە چ شێوەیەك باسی ئەو مەسەلەیە بکەم و راستییەکەی بزانم، تا ئێوارە بۆ شاهۆم گێڕایەوە، ئەویش گوتی: ئافرەت عەیبە تۆ رۆشنبیری و خاوەن بڕوانامەی، کوو دەبێ بە قسەی پیرەژنی دراوسێ باوەڕ بکەی؟ بۆیە بڕیارم دا خۆم یەکلایی بکەمەوە. دوو رۆژ دواتر لەکاتی دەوام مۆڵەتم وەرگرت و گەڕامەوە ماڵەوە. بەڵام هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەو کوڕەی بە خراپە باسیان دەکرد هاوسەرەکەی خۆم بێ، کە چوومە ژوورە بینیم شاهۆ و سودابە لە ژووی نووستن بە یەکەوەن. ئیتر لەگەڵ شاهۆ کردمە شەڕ و هات و هاوار و سودابەم بە لێدان دەرکرد. شاهۆش پەلاماری منی داو زۆری لێدام، تا دراوسێکان هاتن و لەبەردەستی دەریانهێنام. لە دوای ئەوەی خەڵکەکە رۆیشتن، شاهۆ پێ گوتم: راستە من و تۆ ئامۆزاین، بەڵام دەمێکە ئاشقی سودابە بووم، تا خەڵك نەیزانیوە، مارەی دەکەم، منیش بەگریانەوە چوومەوە ماڵی باوکم و پێمگوتن شاهۆ چی کردووە. ئەوانیش بۆچوونیان وابوو جیابوونەوە باشترین چارەسەرە، ئەوە بوو بە هۆی ناپاکی هاوسەری لە دادگا لێك جیابووینەوە، ئەوەش باجی هەڵەی خۆم بوو، لەسەرەتا وەك پێویست گرینگیم نەدا بەهاوسەرەکەم و ژنێکی لابەلام هێنا ناو ماڵەکەم و ژیانی وێران کردم. ئەو تاوانەی هاوسەرەکەم جێی بەخشین نەبوو، دواتر ماڵی مامم زۆر هەوڵیان دا یەکمان بخەنەوە، منیش وتم سودابەی بۆ بخوازن، لەوانەیە بەدڵی خۆیەتی و لانیکەم با خیانەت لەو نەکات. من سەرقاڵی کاری خۆمم، زۆر سوپاسی خوای گەورە دەکەم، کە منداڵی پێنەداین، دەنا منداڵەکانیشمان بە بێ تاوان بە ئاگری ئەو خیانەتە دەسووتان.»

شاناز لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: تەنیا یەك پەیامم بۆ ئافرەتانی بەڕێز هەیە، ئەویش ئەوەیە هەرگیز هاوسەری خۆیان پشتگوێ نەخەن، چونکە ئەگەر لە سۆزی هاوسەری بێبەش بن، ئەوا دوور نییە، بەلاڕێدا بڕۆن، هەروەها دەبێت لە هەڵبژاردنی هاوسەردا هیچ پەلە نەکەن و زۆر وردبین بن، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا پاشگەز نەبنەوە.

**ئافرەت عەیبە تۆ رۆشنبیری و خاوەن بڕوانامەی، کوو دەبێ بە قسەی پیرەژنی دراوسێ باوەڕ بکەی**

**ئەوەش باجی هەڵەی خۆم بوو، لەسەرەتا وەک پێویست گرینگیم نەدا بەهاوسەرکەم و ژنێکی لابەلام هێنا ناو ماڵەکەم و ژیانی وێران کردم**



**هۆکاری سەرەکیی زۆربەی جیابوونەوەکانی هاوسەران لەهەموو وڵاتانی جیهاندا، خیانەتی هاوسەرییە، جا ئەو خیانەتە پیاو بیکات، یان ژن، دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ژیانی هاوبەشی هاوسەران و شیرازەی خێزانییان تێکدەدات. دەروونناس و کۆمەڵناسان زۆرجار لەبارەی هۆکارەکان و چۆنیەتی رێگریکردن لەخیانەتی هاوسەری توێژینەوەی وردو بابەتییانەیان کردووە، جەختیشیان لەوە کردووەتەوە کە هاوسەرگیری زۆرەملێ، جیاوازیی زۆری تەمەن، پشتگوێخستنی سۆزی هاوسەرداری، لەسەرووی هەمووشیانەوە کەسایەتیی لاواز و جۆری ناتەندروستی پەروەردەی خێزانی کاریگەری راستەوخۆیان لە بەلاڕێدا چوونی هاوسەران هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەن لەناو خێزان و لەخوێندنگەکان بایەخی زیاتر بە بەها ئەخلاقییەکان و پابەندبوون بە ژیانی هاوسەری بدرێت، بۆ ئەوەی پیرۆزییەکانی خێزان پارێزراوتر بێت. هاوکات هێما بۆ ئەوەش دەکەن، کە خیانەتی هاوسەری دیاردەیەکە گەنج و پیر، خوێندەوار و نەخوێندەوار و تەنانەت رۆشنبیریش تووشی هاتوون، بۆیە بە پێویستی دەزانن خولی تایبەت لەلایەن شارەزا و پسپۆڕانەوە بۆ هاوسەران بکرێتەوە، هاوکات ئاسانکاری بۆ هاوسەران بکرێ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن پەنا بۆ راوێژکاری خێزانی و کارامەو متمانەپێکراو ببەن و کێشەکانی خۆیان لەلای دەروونناسانی رێپێدراو بدرکێنن. ئەندازیارێکی ئافرەتیش نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ گوڵان باس دەکات و هیوادەخوازێ هەموو خوێنەران پەندی لێوەربگرن بۆ ئەوەی لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا تووشی شکست و سەرگەردانی نەبن**